# ڕاگەیاندنی سەنتەری منالآن سەبارەت بە کردنەوەی نوسینگەی کەرکوکی سەنتەری منالان. لە ریو رەسمیكی شایستەدا.



کردنەوەی ئۆفیسی کەرکوکی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بەریوە چوو!

کاتژمێر 3 ی پاش نیوەرۆی رۆژی 11-11-2005 لە شاری کرکوك ئۆفیسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لقی کرکوك لە گەرەکی تەزامون (ئەسرا و مەفقودینی کۆن)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە خێزانەکانی ئەو گەڕەکەو نزیك بە 200 منال، کرایەوە.

لقی کرکوکی سەنتەر بۆ کردنەوەی ئۆفیسی کرکوك بەرنامەیەکی قەشەنگ و شایستەی ساز کردبوو کە پیك هاتبوو لەم بەشانەی خوارەوە:

لە سەرەتادا پیشانگایەکی وینەی فۆتۆگرافی و وینەی دروست کراو لە لایەن منالانەوە، لە ناو بەشە کانی سەنتەردا کرابوەوە کە ئامادەبوانی مەراسیمی کردنەوەی ئۆفیسەکە پیش دەست پێ کردنی بەرنامەکانی تری کردنەوەی ئۆفیس لە ریگای ئەم وینە فۆتۆگرافیانەوە باشتر ئاگاداری وەزعی ناهەمواری منالان دەبوون، لە هەمان کاتدا لە ریگای ئەو وینانەی کە لە لایەن منالان خۆیان دروست کرابوون و لە پیشانگاکەدا پیشانی ئامادەبووان درابوون، باشتر لە خەون و خولیاکانی منالانی عیراق و بە تایبەت منالانی کرکوك شارەزا دەبوون.

لە سەعات 3 ی پاش نیوەرۆدا کاتی کردنەوەی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە شاری کرکوك هات ولە لایەن شیرکۆ محمد بەرپرسی سەنتەر لە شاری کرکوك بە خیر هاتنی ئامادەبوان و پیرۆزبایی کردنەوەی بارەگای سەنتەر لە شاری کرکوك لە ئامادەبوان و لە منالانی شاری کرکوك کرا.

بە دوای ئەمەدا لە لایەن بەریز ئازاد احمد سەرپەرشتیاری گشتی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی عیراق، ووتەیەك پیش کەش بە ئامادەبوان کرا کە لە ووتەکەیدا بە شیوەیەکی کورت لە سەر وەزعیەتی فەلاکەت بار و مەئساوی منالان لە عیراقی ئەمرۆدا قسەی کردو بە دوای ئەمەشدا کورتەیەکی لە سەر میژووی پیك هاتن وچالاکیەکانی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان پیش کەش بە ئامادەبوان کرد وباسی ئەو دەست کەوت و کارو چالاکییانەی کرد کە لە ماوەی نیوان سالی 1999 تاکو 11-11-2005 سەنتەر بۆ منالانی کوردستان و هەروەها بۆ منالانی عیراقی کردووە.



لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا بەریز ئازاد احمد چووە سەر ئەو بەرنامە و پرۆژانەی کە سەنتەر بۆ دەورەی داهاتوو سەرقاڵی ئەنجامدانی دەبێت، وەك لە پەیڕەو پرۆگرامی سەنتەردا هاتووە ولەم بارەیەوە رای گەیاند ئەو ئەرکە سەرەکیەی کە سەنتەر خستوویەتە سەر شانی خۆی کۆتایی هینان بە تووندو تیژی و بێ مافی منالانی عیراق و کوردستان و لە هەمان کاتدا گیرانەوەی مافەکانی منالانە بۆ منالان لە پیناو ئەوەی کە منالانی عیراق وەك ئینسانی دەرەجە یەك بژین و لەم راستایەدا سەنتەر ئەرك و بەرنامەی زۆری دەکەویتە سەر شان. لە هەمان کاتدا ئازاد احمد باسی ئەوەی کرد کە لە بەرنامەی سەنتەردایە لە داهاتوودا شلتەریك بۆ ئەو منالانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی دەسەلاتی رژیمی بەعس وشەرەکانی گەمارۆی ئابوریدا، وە لە سایەی داگیر کاری ئەمریکاو تیرۆر و تەقینەوەکانەوە، بەدەیان هەزار منالی عیراقی بی سەرپەرشت بوون ولە سەر جاددەکان ژیان بە سەر دەبەن و دەژین وراهاتون لەسەر تلیاك کێشان وتەجاوەزی جنسیان پی دەکریت و......... هتد، لەم راستایەدا سەنتەر لە بەرنامەیدایە کە لە داهاتوودا شوینیك بۆ ئەو منالانە بکاتەوە تاکو ببیتە جێگەی ژیان و حەوانەوە بۆ ئەو منالانە. لە هەمان کاتدا ئازاد احمد رای گەیاند کە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە بەرنامەیدایە کە لە داهاتوودا ێندوقیك بکاتەوە بە ناوی ێندوقی کۆمەك بە منالانی هەژار بە هاوکاری هەموو ئەو ریکخراوو لایەن وکەسە ئینسان دۆستانەی کە دەیانەویت کۆمەك بکەن بە منالانی عیراق.

لە کۆتاییدا ئازاد احمد هیوای خواست کە کردنەوەی بارەگای ئۆفیسی کرکوك ببیتە سەرەتای دەورەیەکی تازە لە کار و چالاکیەکانی سەنتەر بێت لە پیناو زیاتر خزمەت کردن بەمنالان و گیرانەوەی مافەکانیان.

لە بە شیکی تری بەرنامەکاندا بەریز سمیر عادل سکرتیری کۆنگرەی ئازادی عیراق بە ناوی کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە قسەی بۆ ئامادبوان کرد، بە دوای ئەویشدا بەریز ئاسای کینجی یەکیك لە دامەزرینەران و ئەندامی شورای مەرکەزی کۆنگرەی ئازادی عیراق و سەرنووسەری هەفتانەی پر تیراژی MDS ئیم. دی. ئیس ی یابانی، بە زمانی ئینگلیزی وتەیەکی پشتیوانی لە سەنتەری منالان و لە کۆنگرەی ئازادی عیراق پیشکەش کردو رای گەیاند کە بزووتنەوەی ئازادی و سۆشیالیزم لە یابان لە پشتیوانی خۆی بەردەوام دەبیت بۆ منالان و بۆ کۆمەلگای عیراق لە پیناو گیرانەوی مەدەنیەت و ژیانیکی باشتر بۆ ئینسانەکان.

بە دابەش کردنی شیرینی بە سەر ئامادەبوان دا کۆتایی بە بەشی یەکەمی بەرنامەکان هینرا ولە بەشی دووەمیشدا سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان کۆمەڵێك کۆمەك و هاوکاری بە سەر نزیکەی 200 منالدا دابەش کرد کە ئامادەی کردنەوەی ئۆفیسی سەنتەر بوون کە پیك هاتبوو لە جانتای قوتابی بۆ ئەو منالأنەی کە دەچن بۆ قوتابخانە، کە ئەویش 4 دەفتەرو قەلەم رەنگ وقەلەم رەیاێ وراستەو چەند شتیکی تری تیا بوو.

18:20 2005-11-20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەم شیوەیە کردنەوەی بارەگای ئۆفیسی کرکوکی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە کرکوك لە ناو شورو شەوقی ئامادەبووان و منالاندا کۆتایی پێ هات.

شیاوی باسە لەدوای کردنەوەی ئۆفیسەکە چەندین کەس لە ئامادەبوان ویرای دەست خۆشی لە کارەکانی رابردووی سەنتەر، لە هەمان کاتدا داوای ئەندامیتیان لە سەنتەر کردو ئامادەییان دەربری بۆ کارکردن لە گەل سەنتەر لە پیناو بەدی هینانی مافەکانی منالان و کۆتایی هینان بە توندو تیژی لە سەر منالان.

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان / لقی کرکوك







